# ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی

# توێژینەوەیەکی مەیدانییە

**پ.ی.د. ڕزگار مصطفی غفور[١]، م. چرۆ محمد فرج[١]**

١ بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

---

**ڕێکەوتی وەرگرتن: 3 حوزەیران ٢٠١٩، پەسەندکردن: 26 حوزەیران ٢٠١٩، بڵاوکردنەوە: ٢٥ کانونی یەکەم ٢٠١٩**

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ پ.ی.د. ڕزگار مصطفی غفور، م. چرۆ محمد فرج

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانین و دیاریکردنی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانە لە زانکۆی سلێمانی، هەروەها دیاریکردنی جیاوازی ئاماری ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی بەپێی (ڕەگەز ، تەمەن)ی خوێندکاران، بۆ ئەم مەبەستە هەردوو توێژەر توێژینەوەیەکی وەسفییان ئەنجامدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر. کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی قۆناغی چواری بەشی کاری کۆمەڵایەتی بۆ ساڵی خوێندنی (2017-2018)، ژمارەیان بریتی بوو لە (53) خوێندکار، هەردوو توێژەر فۆڕمی ئیستیبانەیان ئامادەکرد کە (32) پرسیاری داخراوی لەخۆ گرتبوو، بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ئاماری وەڵامەکان ئامرازی ئاماری بەکارهێنرا ، وەک هاوکێشەی تاقیکردنەوەی تا و شیکردنەوەی یەک ئاڕاستە ، لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت کە ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی لە ئاست پێویستدا نییە، لەبەرئەوە پێویستی بە کارکردنی هەماهەنگی و پێکەوەیی و ڕێکخراوەیی لایەنە پەیوەندیدار و دامەزراوە فەرمییەکان هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قاڵبوون و سەرکەوتنی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی.

## Abstract

The main aim of the present research is to know and identify the reality of **internship** of the students of the department of **social work** of college of humanities in the university of sulaimani, and identify statistical difference of the reality of internship according to **(sex)** and **(age)** of the students. For that purpose, both the researchers do the **descriptive** research through using the **comprehensive survey** method. The research community consists of the **students** of the **fourth stage** of the academic year **(2017-2018)**, and their number was **(53)** students. Both the researchers build the **questionnaire** contained **(32) closed questions**. In order to identify the results statistically **percentage**, **mean**, **weighted mean**, **one sample T-test** and **one-way ANOVA** had been used. The results showed that the internship of the students of social work **not at required level**, and requires the solidarity, cooperatively, and coordinately work of formal concerned parties and organizations of Kurdistan regional government to crystallize and succeed the internship of social work.

# پێشەکی

بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی ئامادە دەکات، واتە خوێندنی زانکۆ لەم بەشەدا بۆ پێگەیاندن و ئامادەکردنی خوێندکارانە لە ڕووی زانستی و هونەری و پیشەییەوە بۆ پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتی لە دامەزراوە حکومی و تایبەتەکان وە ڕێکخراوە ناوخۆیی و جیهانییەکان، واتە دابینکردن و پێشکەشکردنی یارمەتی کۆمەڵایەتی گەشەپێدان و پاراستن و چارەسەرکردن بۆ سەرجەم چین و توێژەکان لەسەر ئاستی تاک و گروپ و کۆمەڵگە لەڕێی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەوە بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی، هەروەها باشترکردنی ژیان و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کە ئامانجی سەرەکی مرۆڤی ئەمڕۆیە لەسەردەمی هاوچەرخدا.

خوێندن لەبەشی کاری کۆمەڵایەتی تیۆری-مەیدانییە، خوێندکاران ئامادەدەکرێن و ڕادەهێندرێن لە ڕووی تیۆری و مەیدانیشەوە، واتە خوێندن لەم بەشە لەسەر بنەمای فێرکردن و فێربوونە، بابەتەکانی تیشکدەخەنە سەر زانین و بەهاوئیتیک و کردار و کارامەیی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی، بە مانایەکی تر سەرجەم ئەو بابەتانەی کە خوێندکاران لە ڕووی تیۆرییەوە دەیخوێنن لە مەیدانی ژیانی ڕاستەقینەدا پیادەی دەکەن. وە بەوپێیەی ڕاهێنانی مەیدانی بابەتێکی سەرەکی و بونیادییە لە ئامادەکردنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتیدا، هەربۆیە پرۆسەیەکە بەپلان پەرەدەدات بە کارامەیی خوێندکاران و ئامادەکردنیان بۆ وەرگرتن و فێربوون و تاقیکردنەوەی کارامەیی پیشەیی پێویست بۆ پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتی بەسەرکەوتووانە.

لەبەر گرنگی و پێویستی ڕاهێنانی مەیدانی لە خوێندنی کاری کۆمەڵایەتیدا، بە پێویستمانزانی ئەم توێژینەوەیە مەیدانییە ئەنجامبدەین بۆ مەبەستی زانین و دیاریکردنی وردی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی لە تێڕوانینی خوێندکاران خۆیانەوە، بەوپێیەی کە بەشی کاری کۆمەڵایەتی نوێیە، تا بتوانین لە ڕێی ئەو زانیارییە مەیدانییانەی دەستماندەکەوێت و بەو ڕاسپاردە و پێشنیارانەی ئاماژەی پێدەکەین بەرچاوڕوونی پێویست بدەین وەک هەوڵێک بۆ بەرەوپێشبردنی خوێندن و پیادەکردن و توێژینەوەی کاری کۆمەڵایەتی لەداهاتوودا، تا کاری کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆڵە بەرجەستە بکات کە کۆمەڵگە پێویستییەتی.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## باسی یەکەم: کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە: لەچاو ئەوگرنگییەی پێگەی ڕاهێنانی مەیدانی هەیەتی لە کاری کۆمەڵایەتیدا وەکوپێویست و بەپێی ئەوەی کە ڕاهێنانی مەیدانی دەیخوازێت کاری پێویست و جددی بۆ نەکراوە، هەربۆیە هەردوو توێژەر دەمانەوێت بەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەووردی ئەو خاڵانە دیاریبکەین تا لەداهاتوودا کاریان لەسەربکرێت بۆ چاککردن و باشترکردنی و بەرەوپێشبردنی.

ڕاهێنانی مەیدانی یەکێکە لە بابەتە بنەڕەتی و گرنگەکانی کاری کۆمەڵایەتی، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە ئامادەکردنی خوێندکاران بەشێوەیەکی وا کە لە ڕووی زانستی و هونەری و پیشەییەوە شارەزایی و کارامەیی پێویست و توانای پیادەکردنی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتییان تیادا بەرجەستە ببێت بۆ ئامادەکردنیان بۆ پیادەکردنی لە داهاتوودا لە بازاڕی کاردا واتە پراکتیزەکردنی زانینی تیۆری لە مەیدانی کاردا.

هەرچەندە ڕاهێنانی مەیدانی یەکێکە لە پایە بنەڕەتی و گرنگەکان لە ئامادەکردنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە ڕووی زانستی و هونەری و پیشەییەوە بەڵام لەبەرئەوەی گرنگی تەواوی پێنەدراوە بۆتە هۆی کەم و کورتی لە پرۆسەی ئامادەکردنی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەم توێژینەوەیەمان ئەنجامدا بۆ زانین و دیاریکردنی وردی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی لەبەشی کاری کۆمەڵایەتی بەگشتی و بەپێی (ڕەگەز) و (تەمەن)ی خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی (نموونەی توێژینەوەکە) لە تێڕوانینی خوێندکاران خۆیانەوە.

دووەم: گرنگی توێژینەوەکە: بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی چوارچێوەی تیۆری و پیادەکردنی پیشەیی - مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی، ئەوەش لە ڕێی دەرخستنی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی بە خستنەڕووی ئەنجامەکانی کە ئەم توێژینەوەیە پێیدەگات و پاشان لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان دەتوانرێت کاربکرێت بۆ باشترکردنی پرۆسەی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی لە داهاتوودا لەڕێی ئەو ڕاسپاردە و پێشنیارانەوە کە پێشکەشدەکرێت لە کۆتایی توێژینەوەکەدا. بە مانایەکی تر، زانینی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتی و ئاستەنگ و کێشەکانی بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی لای خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانین و دیاریکردنی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە تێڕوانینی خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتییەوە، وە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانرێت لە سێ خاڵدا دیاریبکرێت کە بریتیین لە:

1. زانینی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی بەگشتی.
2. زانینی دەلالەتی جیاوازی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی بەپێی (ڕەگەز) ، (تەمەن).

## باسی دووەم: دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:

**یەکەم: ڕەوش (واقع - Reality)**

ڕەوش: واتە بارودۆخی شتەکان بەو شێوەیەی کە هەیە لە ڕاستەقینەدا نەك بەو شێوەیەی کە وێنا دەکرێ وابێ . (Cambridge Dictionary, 2008)

ڕەوش: واتە پلەبەندی واتایی لە کاتدا کە دەردەخرێت لە هەر ئەزموونێکدا یان کە پەیوەستە بە شتێك یان کەسێك یان بیرۆکەیەك یان بەهایەك. (بدوي، 1978:ص347)

پێناسەی ڕێکاری ڕەوش: ڕەوش لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیە بۆ چەندێتی و چۆنێتی بەڕێوەچوونی ڕاهێنانی مەیدانی خوێندکارانی خوێندنی بەکالۆریۆسی بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی.

**دووەم: ڕاهێنانی مەیدانی (التدريب الميداني - Internship)**

ڕاهێنانی مەیدانی: ئاماژەیە بۆ ئەو ئەزموونە زانستییانەی کە دڵنیایی فێربوونی ئەکادیمی لەخۆ دەگرێ لە شوێنێکی کارکردنی باوەڕپێکراودا (دامەزراوەیەکی باوەڕپێکراو) لەژێر سەرپەرشتیکردندا لە کاتژمێری کاتی دیاریکراودا هەفتانە بەدرێژایی ساڵی خوێندن. (Sweitzer and King, 2009: p.3)

ڕاهێنانی مەیدانی: ئاماژەیە بۆ ڕاهێنانی کرداری خوێندکار لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا لە دامەزراوە یان شوێنگەیەکدا کە خزمەتی دیاریکراو پێشکەشدەکات بە خەڵکانی دیاریکراو، ئەو ڕاهێنانەش دەگونجێنرێ بەپێی هەبوونی هەل و داواکراوەی ئەو دامەزراوەیەی کە خوێندکارەکە دەیەوێت ڕاهێنانی تێدا ئەنجامبدات. (Boylan & Scott, 2009: p.18)

ڕاهێنانی مەیدانی: ئاماژەیە بۆ ئەزموونکردنی کارکردن لە جیهانی ڕاستەقینەدا، کە تێیدا خوێندکار بە شێوەیەکی کاتی دیاریکراو ڕۆڵی پیشەیی دیاریکراو جێبەجێدەکات وەك پیشەگەر لە دامەزراوەیەکدا، ئەو ئەزموونانەش ڕەنگپێدەداتەوە لە چوارچێوەی ئەکادیمیدا. (Green, 1997: p.7)

ڕاهێنانی مەیدانی: بەشێکە لە بواری فێرکردنی تاقیکاری، تیایدا خوێندکار فێربوونی تیۆری و شارەزاییەکانی ناوپۆل جێبەجێدەکات بە ئامانجی ئامادەکردن بۆ پیشەیەکی دیاریکراو. (Reference, 2003: p1324-1325)

ڕاهێنانی مەیدانی: بەشێکی بنچینەییە لە میتۆدی فێرکردنی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی، کە هەلی پیادەکردنی پیشەیی دەڕەخسێنێت بۆیان لە ژێر سەرپەرشتیکردنی ڕاستەوخۆ و لە هەڵوێستی ڕاستەقینەدا، یارمەتیان دەدات کە کارامەییە پیشەییەکانیان قاڵ بکەن و بەهای پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی فێربن و پەرەپێبدەن، وە یارمەتییان دەدات لە پێکەوە گرێدان و کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی زانین کە لەکاتی خوێندنی ئەکادیمیاندا فێری بوون لەگەڵ ئەوەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە لەکاتی ڕاهێنانە مەیدانییەکەیاندا. (الدخيل، 2006: ص 104).

پێناسەی ڕێکاری ڕاهێنانی مەیدانی: ڕاهێنانی مەیدانی لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیە بۆ یەکێك لە بابەتە بنەڕەتیەکانی خوێندن لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کە تیایدا خوێندکار ئەو زانیارییە زانستی و هونەری و پیشەییانەی کە لە هۆڵەکانی

خوێندندا دەیخوێنێت لە دامەزراوە و ڕێکخراوە میری و تایبەتەکاندا پراکتیزەی دەکات بۆماوەیەکی کاتی دیاریکراو و بەدرێژایی ساڵی خوێندنی ئەکادیمی لە هەریەك لە قۆناغەکانی سێ و چوار.

**سێیەم: کاری کۆمەڵایەتی (الخدمة الإجتماعية - Social Work)**

کاری کۆمەڵایەتی: ئاماژەیە بۆ چالاکی پیشەیی بۆ یارمەتیدانی تاك و گروپ و کۆمەڵگە بە ئامانجی گەڕاندنەوەی تواناى ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان و ڕەخساندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی گونجاو بۆ ئەو ئامانجە. (Ashman, 2010: p.5)

کاری کۆمەڵایەتی: زانستێکی جێبەجێکارە بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ (خەڵك) بۆ بەدیهێنانی ئاستی کاریگەری دەروونی-کۆمەڵایەتی و ئەنجامدانی گۆڕاکاری کۆمەڵایەتی بۆ هاندانی خۆشگوزەرانی بۆ هەموو خەڵك. (McDonald, 2006: p.31)

کاری کۆمەڵایەتی (پێناسەی جیهانی - نێودەوڵەتی بۆ کاری کۆمەڵایەتی): پیشەی کاری کۆمەڵایەتی کار دەکات بۆ هانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشەکان لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا و توانادان بە خەڵك و سەربەستکردنیان لە پێناو هاندانی خۆشگوزەرانی، ئەوەش لەڕێی بەکارهێنانی تیۆرەکانی ڕەفتار و سستەمە کۆمەڵایەتییەکان، کاری کۆمەڵایەتی لەو خاڵانەدا دەستوەردەدات کە تیایدا خەڵك کارلێك لەگەڵ ژینگەکانیندا دەکەن، وە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بنچینەی کاری کۆمەڵایەتین. (Lymbery & Postle, 2007: p.3)

پێناسەی ڕێکاری کاری کۆمەڵایەتی: کاری کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەبەشی کاری کۆمەڵایەتی لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی. لەم بەشەدا خوێندکار لە ڕووی زانستی و هونەری و پیشەییەوە ئامادەدەکرێت وەك پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا لە داهاتوودا.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## بەشی دووەم: ڕێکاری مەیدانی توێژینەوەکە:

### باسی یەکەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

یەکەم: جۆری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە توێژبنەوەیەکی وەسفیە، توێژینەوەی وەسفی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەو ڕاستیيانەی کە هەیە و پەیوەستە بە دیاردەیەك یان هەڵوێستێك یان چەند تاکێك یان کۆمەڵێك لە ڕوودا و یان بارودۆخ یان هەڵوێستی کۆمەڵایەتی. (عماد، 2007، ص23)

دووەم: میتۆدی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا هەردوو توێژەر میتۆدی داماڵی کۆمەڵایەتی گشتگیریان بەکارهێناوە، وەئەم میتۆدە هەوڵێکی ڕێکخراوە بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن ئەو بارودۆخەی کە هەیە و بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە و شیکردنەوەی ئەو ڕەوشەی کە لە ئارادایە، وە لەڕۆشنایی شیکارکردن و شیکردنەوەی ئەوەی لە ئارادایە دەتوانرێت نمونەی کارپێکردن و دەستتێوەردان جێبەجێبکرێت یان بگونجێندرێت بۆ ئالوگۆڕپێکردنی ئاڕاستەی دیاردەکە یان سنوردارکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکەی. (خاطر، 2007، ص159)

سێیەم: بواری توێژینەوەکە: بوار یان سنوری توێژینەوەکە بریتیی بوو لە:

1. بواری شوێنی: توێژینەوەکە ئەنجامدرا لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی.

2. بواری کاتی: ئەو ماوەیەی کە ئەم توێژینەوەیە خایاندی بریتی بوو لە بەرواری (01-05-2018) تا بەرواری (31-12-2018).

3. بواری مرۆیی: ئەم توێژینەوەیە جێبەجێکرا لەسەر سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی چوار کە ژمارەیان (53) خوێندکار بوو لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی.

چوارەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندکارانی قۆناغی چواری ساڵی خوێندنی (2017-2018) بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی.

پێنجەم: نموونەی توێژینەوەکە: نموونەی ئەم توێژینەوەیە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی چواری بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەگرێتەوە بۆ ساڵی خوێندنی (2017-2018) کە ژمارەیان بریتییە لە (53) خوێندکار لە ڕەگەزی کوڕ و کچ و بە ڕێژەی.(% 100)

سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی چواری بەشی کاری کۆمەڵایەتی هەڵبژێردران چونکە ئەو خوێندکارانە ڕاهێنانی مەیدانییان پێکراوە لە هەردوو قۆناغەکانی (سێ و چوار)، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە زانیاری تەواو و پێویستیان وەرگرتووە دەربارەی ڕاهێنانی مەیدانی لە کاری کۆمەڵایەتیدا.

شەشەم: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە: هەردوو توێژەر هەستان بە درووستکردنی فۆڕمی کۆکردنەوەی زانیاری (ئیستیبانە). فۆڕمەکە بونیادنراو داڕێژرا لەبەر ڕۆشنایی بابەتی تیۆری بابەتی توێژینەوەکە. فۆڕمەکە پێکهاتبوو لە (32) پرسیاری دابەشکراو بەسەر دوو ڕەهەنددا، ڕەهەندی یەکەم کە پرسیاری سەرەتایی بوون و پێکهاتبوو لە (2)

پرسیار، وە ڕەهەندی دووەم كە پرسیاری تایبەت بە بابەتی توێژینەوەكە بوون دەربارەی ڕاهێنانی مەیدانی بەشی كاری كۆمەڵایەتی و پێكهاتبوو لە (30) پرسیار. وەهەردوو توێژەر هەستان بە جێبەجێكردنی هەریەك لە بنەماكانی (ڕاستگۆیی) و (چەسپاوی) بۆ فۆڕمەكە و پاشان جێبەجێكردنی گۆڕاكاری گونجاو تێیدا.

حەوتەم: دەرهێنانی ڕێژەی ڕاستگۆیی ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری توێژینەوەكە: ڕاستگۆیی فۆرمی كۆكردنەوەی زانیاری (فۆڕمی ئیستیبانە) تاقیكردنەوەی ڕاستگۆییە، واتە پێوانەكردنی ئەوەی كە دەیپێوڕێت واتە پێوانەكردنی ئەو تایبەتمەندییەی كە دەویسترێت لێكۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجامبدرێت. (العطیە، 2011، ص359)

وە بۆ پێوانەكردنی ڕێژەی ڕاستگۆیی فۆڕمی كۆكردنەوەی زانیارییەكە، هەردوو توێژەر پشتیانبەست بە شێوازی (ڕاستگۆیی ڕاستەقینە)، واتە فۆڕمەكە پیشانی ژمارەیەك لە پسپۆڕانی بواری كاری كۆمەڵایەتی و كۆمەڵناسی درا كە ژمارەیان (4 *) كەس بوو، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕا و بۆچوونیان دەربارەی فۆڕمەكە و داڕشتنی كۆتایی فۆڕمەكە بۆ پێوانی (ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی كاری كۆمەڵایەتی). وە ڕێژەی ڕاستگۆیی فۆڕمەكە بریتیی بوو لە (89)، كە بە گونجاو دادەنرێت بۆ جێبەجێكردنی كۆتایی، وە دوای ئەنجامدانی هەندێ گۆڕانكاری لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاو بیرۆكانەی كە پسپۆڕەكان پێشكەشیانكرد لە داڕشتنەوەی هەندێ پرسیار بۆ زیاتر ڕوونی تێگەیشتن، وە زیادكردن و لابردنی هەندێ پرسیاری تر.

هەشتەم: دەرهێنانی ڕێژەی چەسپاوی ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری: ڕێژەی چەسپاوی فۆڕمی كۆكردنەوەی زانیاری دەرهێنرا بە ڕێگەی هاوكێشەی ئاماری (ئەلفا كرۆنباخ) و بریتیی بوو لە (0.81) وە ئەوەش گونجاوی فۆڕمەكە دەسەلمێنێت كە پەسەندە بۆ جێبەجێكردنی لەسەر نموونەی توێژینەوەكە.

نۆیەم: كەرەستەی ئاماری بەكارهاتوو بۆ شیكردنەوەی زانیاری: ئەو كەرەستە ئامارییانەی كە هەردوو توێژەر بەكاریانهێنا لەم توێژینەوەیەدا بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ئاماری وەڵامی نموونەی توێژینەوەكە بۆ پرسیارەكانی فۆڕمی كۆكردنەوەی زانیاری بریتیی بوون لەم هاوكێشە ئامارییانەی خوارەوە:

1. ئەلفا كرۆنباخ، بۆ دەرهێنانی ڕێژەی چەسپاوی ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری توێژینەوەكە (فۆڕمی كۆكردنەوەی زانیاری).

2. تاقیكردنەوەی تا (Healy, 2009: p.457) بۆ یەك نموونە، بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ئاماری ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی بە گشتی و بە پێی ڕەهەندەكان لە بەشی كاری كۆمەڵایەتی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی، وە تاقیكردنەوەی تا بۆ دوونموونە، بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ئاماری ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی لە بەشی كاری كۆمەڵایەتی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی بە پێی (ڕەگەز).

* پسپۆڕانی هەڵسەنگێن بۆ ئامرازی توێژینەوەكە بریتین لە:

| | | |
|---|---|---|
| پ.ی.د. عالیە فرج مصطفی | كۆمەڵناسی | زانكۆی سلێمانی- كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان- بەشی كۆمەڵناسی |
| پ.ی.د. كەژاڵ حسین محمد | كۆمەڵناسی | زانكۆی سلێمانی- كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان- بەشی كۆمەڵناسی |
| د. لوقمان صالح كریم | كاری كۆمەڵایەتی | زانكۆی سلێمانی- كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان- بەشی كاری كۆمەڵایەتی |
| د. كوردستان عمر محمد | كاری كۆمەڵایەتی | زانكۆی سلێمانی- كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان- بەشی كاری كۆمەڵایەتی |



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

3. تاقیکردنەوەی ڤا (Healy, 2009 :p.642) بۆ یەك ئاڕاستە، بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ئاماری ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بە پێی (تەمەن).

## باسی دووەم: ئەنجامی توێژینەوەکە:

یەکەم: شیکردنەوەی ئاماری زانیارییە بەدەستهاتووەکان :

1. شیکردنەوەی ئاماری زانیارییەکان بەپێی پرسیارەکان:

1. 1.

خشتەی ژمارە (1)

ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| نێر | 09 | 17 |
| مێ | 44 | 83 |
| کۆ | 53 | 100 |

خشتەی ژمارە (1) ئاماژە دەدات بەوەی کە ڕێژەی (% 17) نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی (نێر)ن، وە ڕێژەی (% 83) لە ڕەگەزی (مێ)ن، کە سەرجەم خوێندکارانی قۆناغی چوار دەگرێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی، ڕەگەزی مێ زۆرینەی خوێندکارانی بەشی کاری کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن.

1. 2.

خشتەی ژمارە (2)

تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| کەمتر لە 22 ساڵ | 03 | 5.7 |
| 22-24 ساڵ | 41 | 77.4 |
| 25 ساڵ زیاتر | 09 | 17 |
| کۆ | 53 | 100 |

خشتەی ژمارە (2) ئاماژە دەدات بەوەی کە زۆرترینی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (22-24 ساڵ) کە ڕێژەیان (% 77.4)، ڕێژەی (% 17)یان تەمەنیان لە 25 ساڵ زیاترە، وە ڕێژەی (% 5.7) تەمەنیان کەمترە لە 22 ساڵ. دەردەکەوێت کە خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستی جیاوازی تەمەندان.

3.1.

خشتەی ژمارە (3)

ئامادەبوونی نموونەی توێژینەوەکە لە دامەزراوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 48 | 90.6 |
| تاڕادەیەک | 05 | 5 |
| نەخێر | - | - |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (3)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 90.6) وەڵامیانداوەتەوە بەوەی کە پابەندبوون بە ئامادەبوون لە دامەزراوەکەی کە ڕاهێنانی مەیدانییان تێدا ئەنجامداوە. پابەندبوون واتە ئامادەبوون لەو دامەزراوەیەی کە پێشتر دیاریکراوە بۆ ئەوەی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە ڕاهێنانی تێدا ئەنجامبدەن لەو ڕۆژانەی کە دیاریکراوە بەپێی خشتەی خوێندنی خوێندکاران لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی وبەپێی ڕۆژانی دەوامی ئەو دامەزراوەیە، وە بەپێی کاتی دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی ڕاهێنانی مەیدانی لە دامەزراوەکە، کە گونجێندراوە لەگەڵ ماوە و کاتی دەوامی ئەو دامەزراوەیە.

4 .1.

خشتەی ژمارە (4)

تۆمارکردنی زانیارییەکان لەلایەن نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 35 | 66 |
| تاڕادەیەك | 17 | 32.1 |
| نەخێر | 01 | 1.9 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (4)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 66) زانیارییەکان لە دامەزراوەکە تۆمار دەکەن کە لە ڕاهێنانی مەیدانییەوە فێریدەبن لە ڕۆژانی ڕاهێنانی مەیدانیدا (زانیارییەکان لە ڕێی تێبینیکردن و چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن و پرسیارکردن و سیمینار وزانیاری نووسراو، بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕۆژانە دەربارەی وەرگرتنی زانیاری لە دامەزراوەکە لە دواییدا و هەڵسەنگاندنی لەلایەن سەرپەرشتیاری ئەکادیمی بەش.

5.1.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی ژمارە (5)

ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی لەلایەن نموونەی توێژینەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 46 | 86.6 |
| نەخێر | 07 | 13.2 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (5)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 86.6) ڕاپۆرتی کۆتایی ئامادە دەکەن، ڕاپۆرتی کۆتایی پێکدێت لە سەرجەم ئەو زانیارییە تیۆری و مەیدانییانەی کە خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەدرێژایی ڕاهێنانە مەیدانییەکە وەریانگرتووە و فێریبوون، بۆ مەبەستی بە دواداچوون و هەڵسەنگاندنی خوێندکاران لە لایەن سەرپەرشتیاری بەش.

.6.1

خشتەی ژمارە (6)

کارکردن لەسەر کەیس لەلایەن نموونەی توێژینەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 11 | 20.8 |
| تاڕادەیەك | 06 | 30.2 |
| نەخێر | 26 | 49.1 |
| کۆ | 53 | 100 |

خشتەی ژمارە (6) کە ئاماژە دەدات بە (کارکردنی خوێندکاران لەسەر کەیس لە دامەزراوەکەدا)، ڕێژەی (% 49.1) لە خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە کاریان لەسەر کەیس نەکردووە . کەیس واتە ئەو کەسانەی کە بارودۆخ یان کێشەیەکی دیاریکراویان (جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، یاسایی) هەیە و پەیوەنیدەکەن بە دامەزراوەکەوە بۆ ئەوەی سوودمەندبن لەجۆری ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دامەزراوەکە دابینی دەکات بۆیان، وەکارکردن لەسەر کەیس واتە بەشداریکردن و کارکردن لەسەر کێشەی خاوەنکەیسەکان، کە وەستاوەتە سەر جۆری کێشە و خاوەنکێشە و جۆری خزمەتگوزاری ئەو دامەزراوەیە و ڕەزامەند ی و ڕێگەپێدانی دامەزراوە کە.

.7.1

خشتەی ژمارە (7)

چۆنێتی کارکردن لەسەر کێشە لای نموونەی توێژینەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 15 | 28.3 |
| تاڕادەیەك | 33 | 62.3 |
| نەخێر | 05 | 9.4 |
| کۆ | 53 | 100 |

خشتەی ژمارە (7) ئاماژە دەدات بە (فێربوونی خوێندکاران لە چۆنێتی کارکردن لەسەر کێشە)، بە ڕێژەی (% 62.3)ی نموونەی توێژینەوەکە وەڵامیانداوەتەوە کە تاڕادەیەك فێربوون کە چۆن کار لەسەر کێشە بکەن. کێشەی کۆمەڵایەتی ناسنامەی کاری کۆمەڵایەتییە، وە کارکردن لەسەر کێشە واتە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی کارکردن لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کە لە وانەکاندا خوێندکار پێشتر خوێندوویەتی.

.8.1

خشتەی ژمارە (8)

ڕۆڵی ڕاهێنانی مەیدانی لە گەشەپێدانی توانستی پیشەیی لای نموونەی توێژینەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 21 | 39.6 |
| تاڕادەیەك | 29 | 54.7 |
| نەخێر | 03 | 5.7 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (8)ەوە دەردەکەوێت کە بە ڕێژەی (% 54.7)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان داوە بەوەی کە ڕاهێنانی مەیدانی تاڕادەیەك یارمەتیدەربووە لە گەشەپێدانی توانستی پیشەیی. توانستی پیشەیی هاندان و هێزپێدان دەگرێتەوە، لە ڕاهێنانی مەیدانیدا کاردەکرێت لەسەر بەرزکردنەوەی توانای کارکردنی خوێندکاران لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، لەگەڵ ئاشنابوون بە ئاستەنگ و کێشەکانی پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتی لە دنیای ڕاستەقینەدا.

9.1.

خشتەی ژمارە (9)

ڕۆڵی ڕاهێنانی مەیدانی لە ئاستی کارامەیی پیشەیی لای نموونەی توێژینەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 18 | 34 |
| تاڕادەیەك | 32 | 60.4 |
| نەخێر | 03 | 5.7 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (9)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 60.4) ئاماژەیان داوە بەوەی کە ڕاهێنانی مەیدانی تاڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لە بەرزگردنەوەی ئاستی کارامەیی پیشەییان. کارامەیی پیشەیی یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەریەک لە لایەنەکانی (زانین، بەهاوئیتیک، کردارەکان) لە کاری کۆمەڵایەتیدا، لە هۆڵی خوێندندا خوێندکار ئاشنادەکرێت بە چەندێتی و چۆنێتی پیادەکردنی کارامەیی پیشەیی بەشێوەیەکی تیۆری-مەیدانی، وە لە ڕاهێنانی مەیدانیدا خوێندکار بەشێوەیەکی مەیدانی کارامەییە پیشەییەکانی کاری کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات و فێردەبێت چۆن پیادەیانبکات لە هەڵوێستە ڕاستەقینەکاندا.

10.1.

خشتەی ژمارە (10)

ڕۆڵی ڕاهێنانی مەیدانی لە ڕەخساندنی ڕا و بیروبۆچوون لای نموونەی توێژینەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 26 | 49.1 |
| تاڕادەیەك | 23 | 43.4 |
| نەخێر | 04 | 7.5 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (10)ەوە دەردەکەوێت کە بە ڕێژەی (% 49.1)ی نموونەی توێژینەوەکە وەڵامیانداوەتەوە کە هەلیان بۆ ڕەخساوە کە بیروبۆچوون و ڕای خۆیان دەربڕن، وە بە ڕێژەی (% 43.4) تاڕادەیەك ئەو هەلەیان بۆ ڕەخساوە کە بیروبۆچوون و ڕای خۆیان دەربڕن. بیروبۆچوون و ڕای خوێندکاران بریتییە لە سەرجەم ئەو سەرنج و تێبینی و ڕاسپاردە و پێشنیارانەی کە خوێندکاران بە شیوەی وتراو و نووسراو دەتوانن پێشکەشی بەشی کاری کۆمەڵایەتی بکەن یان پێشکەشی دامەزراوەکەی بکەن دەربارەی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی و چەندێتی و چۆنێتی بەڕێوەچوونی و ئاستەنگ و کێشەکانی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەشێوەیەکی گشتی.

.11.1

خشتەی ژمارە (11)

ڕۆڵی ڕاهێنانی مەیدانی لە ئامادەکردن بۆ پیادەکردنی پیشەیی لای نموونەی توێژینەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 14 | 26.4 |
| تاڕادەیەك | 35 | 66 |
| نەخێر | 04 | 7.5 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (11)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 66) ئاماژەیانداوە کە ڕاهێنانی مەیدانی تاڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لە ئامادەکردنیان بۆ پیادەکردنی پیشەیی. ئامادەکردنی پیادەکردنی پیشەیی واتە ئامادەباشیبوونی خوێندکار بۆ پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەکاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دوای سەرکەوتنیان و دەرچوونیان و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستی کارکردن.

.12.1

خشتەی ژمارە (12)

هەلی ڕەخساندنی کارکردن بە گروپ لای نموونەی توێژینەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 15 | 28.3 |
| تاڕادەیەك | 14 | 26.4 |
| نەخێر | 24 | 45.3 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (12)ەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی (% 45.3)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە هەلیان بۆ نەڕەخساوە کە گروپ (تیم) کاربکەن. کارکردن بە گروپ یەکێکە لە کردارە سەرەکییەکانی پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەریەک لە کردارەکانی تری وەک (کارکردن لەگەڵ تاک، کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگە یان ڕێکخستنی کۆمەڵگە)، بەشێوەیەکی گشتی کارکردن بە شێوەی تیم یان گروپ لە ڕاهێنانی مەیدانیدا دوو شێواز دەگرێتەوە، یەکەمیان پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتی خوێندکاران لەگەڵ یەکتری لە هەمان گروپدا لەو دامەزراوەیەی کە ڕاهێنانی تێدا ئەنجامدەدەن، دووەمیان کارکردن لەسەر کێشەی کۆمەڵێک کەس بەیەکەوە یان پێشکەشکردنی یارمەتی کاری کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵێک کەس کە پەیوەندی بە دامەزراوەکەوە دەکەن و هەمان बارودۆخ و کێشەیان هەیە وەکو چاوپێکەوتن و هەماهەنگیکرنی پێکەوەیی بۆ ئاسانکاریکردنی بارودۆخەکەیان و خۆگونجاندنیان بۆ چارەسەربوونی کێشەکانیان.

.13.1

خشتەی ژمارە (13)

هەلەکانی کارکردن بە شێوەی گروپ لای نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| ڕیزبەندی هەل | گۆڕاو | دووبارەبووەوە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | هەلی گەشەدان بە ئاستی زانین دەربارەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری | 08 | 15.1 |
| 2 | هەلی گەشەدان بە ئاڕاستەکان بۆهاوکاریکردن | 07 | 13.2 |
| 3 | هەلی بەها پیشەییەکان | 02 | 3.8 |
| 4 | هەلی گەشەدان بە توانستی پیشەیی | 07 | 13.2 |
| 5 | هەلی گەشەدان بە کارامەیی پیشەیی | 03 | 5.7 |

خشتەی ژمارە (13) ئاماژە دەدات بە وەڵامی ئەو ئەندامانەی نموونەی توێژینەوەکە کە هەلیان بۆ ڕەخساوە بە گروپ کاربکەن؛ دەردەکەوێت کە خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (% 15.1) هە لیان بۆ ڕەخساوە بۆ گەشە دان بە ئاستی زانین دەربارەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری، ڕێژەی (% 13.2) هەلیان بۆ ڕەخساوە بۆ گەشەدان بە ئاڕاستەکان بۆ هاوکاریکردن و بەهەمان ڕێژەش هەلیان بۆ ڕەخساوە بۆ گەشەدان بە توانستی پیشەیی، ڕێژەی (% 5.7) هەلیان بۆ ڕەخساوە بۆ گەشەدان بە کارامەیی پیشەیی، وە ڕێژەی (% 3.8) هەلی بەها پیشەییەکانیان بۆ ڕەخساوە. بەشێوەیەکی گشتی ڕەخساندنی هەل بۆ خوێندکاران لە ڕاهێنانی مەیدانیدا وەستاوەتە سەر ئەو دامەزراوەیەی کە ڕاهێنانەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت.

.14.1

خشتەی ژمارە (14)

سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی بابەتەکانی خوێندن لە ڕاهێنانی مەیدانی لای نموونەی توێژینەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 18 | 34 |
| تاڕادەیەك | 29 | 54.7 |
| نەخێر | 06 | 11.3 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (14)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 54.7) ئاماژەیانداوە بەوەی کە تاڕادەیەك سوودیان وەرگرتووە لە بابەتەکانی خوێندن لە بەکارهێنانی لە ڕاهێنانی مەیدانیدا. بابەتەکانی خوێندن ئاماژەیە بە سەرجەم ئەو بابەتانەی کە خوێندکاران لە هۆڵەکانی خوێندن دەیخوێنن و فێردەبن.

.15.1

خشتەی ژمارە (15)

هەل ڕەخساندن بۆ نموونەی توێژینەکە لە ئامادەبوون لە چاوپێکەوتنە پیشەییەکانی نێوان پیادەکاری پیشەیی و سوودمەند دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 15 | 28.3 |
| تاڕادەیەك | 19 | 35.8 |
| نەخێر | 19 | 35.8 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (15)ەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی (% 35.8)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە دامەزراوەکە (تاڕادەیەك) هەلی ڕەخساندووە بۆ ئامادەبوونیان لە چاوپێکەوتنە پیشەییەکانی نێوان پیادەکاری پیشەیی و سوودمەند، وە رێژەی (% 28.3)یان ئاماژەیانداوە بەوەی کە ئەو هەلەیان بۆ ڕەخساوە، وە ڕێژەی (% 35.8)یان ئاماژەیانداوە بەوەی کە ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخساوە. ڕەزامەندی و ڕێگەپێدانی دامەزراوەکە بۆ ئامادەبوونی خوێندکاران لە چاوپێکەوتنە پیشەییەکانی نێوان پیادەکاری پیشەیی و سوودمەند وەستاوەتە سەر کەسی خاوەنکەیسەکە و جۆری کێشەکەی کە پەیوەندی هەیە بە بنەمای ڕێزگرتنی خواستی کەسی خاوەنکەیس و متمانەی پیشەیی.

.16.1

خشتەی ژمارە (16)

ڕازیبوونی نموونەی توێژینەوەکە لە دامەزراوەی ڕاهێنانی مەیدانی دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 26 | 49.1 |
| تاڕادەیەك | 18 | 34 |
| نەخێر | 09 | 17 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (16)ەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی (% 49.1)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە ڕازیبوون لەو دامەزراوەیەی کە ڕاهێنانی مەیانیان تیادا ئەنجامداوە، وە ڕێژەی (% 34)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە تا ڕادەیەک ڕازیبوون لەو دامەزراوەیەی کە ڕاهێنانی مەیانیان تیادا ئەنجامداوە، لە بەرامبەردا تەنها ڕێژەی (% 17)ی نموونەی توێژینەوەکە ڕازی نەبوون لەو دامەزراوەیەی کە ڕاهێنانی مەیانیان تیادا ئەنجامداوە. مەبەست لە ڕازیبوون واتە گونجاوی و بەدەمەوەهاتن و ڕەخساندنی پێداویستییەکانی دامەزراوەکە بۆ خوێندکاران لە ڕاهێنانی مەیدانی لەلایەن دامەزراوەکەوە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

.17.1

خشتەی ژمارە (17)

هاوکاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە لە لایەن کارمەندانی دامەزراوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 33 | 62.3 |
| تاڕادەیەك | 19 | 35.8 |
| نەخێر | 01 | 1.9 |
| کۆ | 53 | 100 |

خشتەی ژمارە (17) ئاماژە دەدات بە (هاوکاریکردنی خوێندکاران لەلایەن کارمەندانی دامەزراوەکە)، زۆرترینی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 62.3) ئاماژەیانداوە بەوەی کە هاوکاریکراون لە لایەن کارمەندانی دامەزراوەکەوە، وە ڕێژەی (% 35.8)ی ئاماژەیانداوە بەوەی کە تاڕادەیەک هاوکاریکراون لە لایەن کارمەندانی دامەزراوەکەوە، لە بەرامبەردا تەنها ڕێژەی (% 1.9)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە هاوکارینەکراون لە لایەن کارمەندانی دامەزراوەکەوە. مەبەست لە هاوکاریکردنی کارمەندانی دامەزراوەکە بریتییە لە بەدەمەوەهاتن و ئاسانکاری و پێدانی زانیاری بە خوێندکاران لەلایەن ئەو کارمەندانەی کە لە دامەزراوەکەدان و مامەڵەیانکردووە لەگەڵ خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە.

.18.1

خشتەی ژمارە (18)

گونجاوبوونی بەرفراوانی قەبارەیی دامەزراوەکە لەگەڵ ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 36 | 67.9 |
| نەخێر | 17 | 32.1 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (18)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 67.9) ئاماژەیانداوە کە ژمارەیان گونجاو بووە لەگەڵ بەرفراوانی دامەزراوەکە، لە بەرامبەردا ڕێژەی (% 32.1)ی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە ژمارەیان گونجاو نەبووە لەگەڵ بەرفراوانی دامەزراوەکە. مەبەست لە گونجاوی ژمارەی خوێندکاران لەگەڵ بەرفراوانی دامەزراوەکە واتە گەورەیی قەبارەی دامەزراوەکە لە هەبوونی ژوور و شوێنی پێویست لەچاو ئەو ژمارە خوێنکارەی کە پەوەندیدەکەن بە دامەزراوەکەوە بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنانی مەیدانی.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

.19.1

خشتەی ژمارە (19)

تەرخانکردنی ژوور لە دامەزراوەکە بۆ نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 29 | 54.7 |
| نەخێر | 24 | 45.3 |
| کۆ | 53 | 100 |

خشتەی ژمارە (19) ئاماژە دەدات بە تەرخانکردنی ژوور بۆ خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ مەبەستی ڕاهێنانیان. لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە زۆرترینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 54.7) ئاماژەیانداوە بەوەی کە ژووریان بۆ تەرخانکراوە، وە ڕێژەی (% 45.3)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە ژووریان بۆ تەرخاننەکراوە. تەرخانکردنی ژوور لە ڕاهێنانی مەیدانیدا وەستاوەتە سەر هەبوونی شوێن یان ژووری گونجاو لە دامەزراوەکەدا و دابینکردنی لەلایەن دامەزراوەکەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران لە ماوەی ڕاهێنانی مەیدانیدا بەکاریبهێنن، زۆرجار ئەو ژوورە بریتییە لە ژووری ئەو کارمەندانەی کە پیادەی کاری کۆمەڵایەتی دەکەن یان ژووری توێژەری کۆمەڵایەتی یان توێژەری دەروونی وەیان هەر کارمەندێکی تر کە لە دامەزراوەکەدان و هەماهەنگی خوێندکاران دەکەن بۆ بەکارهێنانی ژوورەکەیان.

.20.1

خشتەی ژمارە (20)

تەرخانکردنی شوێن لە دامەزراوەکە بۆ نموونەی توێژینەوەکە بۆ ئەنجامدانی چالاکی مەیدانی دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 27 | 50.9 |
| نەخێر | 26 | 49.1 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (20)ەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی (% 50.9)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە شوێنیان بۆ تەرخانکرابوو لە دامەزراوەکەدا بۆ ئەنجامدانی چالاکی ڕاهێنانی مەیدانی، وە ڕێژەی (% 49.1)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە کە شوێنیان بۆ تەرخاننەکرابوو. مەبەست لە تەرخانکردنی شوێن بۆ چالاکی واتە هۆڵی کۆبوونەوە وە هۆڵی سیمینار کە خوێندکاران لە ڕاهێنانی مەیدانیدا ئامادەی دەکەن و پێشکەشی ئەو کەسانەی دەکەن کە پەیوەندییان بە دامەزراوەکەوە کردووە بەمەبەستی وەرگرتنی یارمەتی. تەرخانکردنی شوێنیش وەستاوەتە سەر هەبوونی شوێنی گونجاو لە دامەزراوەکەدا و هەمەهەنگیکردنی دامەزراوەکە بۆ بەکارهێنانی لەلایەن خوێندکارانی ڕاهێنانی مەیدانییەوە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

.21.1

خشتەی ژمارە (21)

تۆمارکردنی ئامادەبوونی نموونەی توێژینەوەکە لەلایەن سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 40 | 75.5 |
| نەخێر | 13 | 24.5 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (21)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 75.5) ئاماژەیانداوە کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە ئامادەبوونیانی تۆماردەکرد. لە بەرامبەردا ڕێژەی (% 24.5)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە کاتی ئامادەبوونیانی تۆمارنەکردووە. لە ڕاهێنانی مەیدانیدا جگە لەوەی کە سەرپەرشتیاری ئەکادیمی بەش ڕۆژانی ڕاهێنانی مەیدانی پابەندبوونەکان خوێندکاران و کاتی ئامادەبوون و ڕۆشتنیان تۆماردەکات هەروەها سەرپەرشتیاری دامەزراوەش ئامادەبوونی خوێندکاران تۆمار دەکات بۆ پابەندکردن و هاندانی زیاتری خوێندکاران لە ڕاهێنانی مەیدانیدا.

.22.1

خشتەی ژمارە (22)

بەدواداچوونی نموونەی توێژینەوەکە لەلایەن سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 10 | 18.9 |
| تاڕادەیەك | 30 | 56.6 |
| نەخێر | 13 | 24.5 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (22)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 56.6) ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە تاڕادەیەك بەدواداچوونی دەکرد بۆیان، وە ڕێژەی (% 18.9) ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە بەدواداچوونی دەکرد بۆیان، لەبەرامبەردا ڕێژەی (% 24.5) ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە بەدواداچوونی نەدەکرد بۆیان. مەبەست لە بەدواداچوونی سەرپەرشتیاری دامەزراوە واتە ئاگاداربوون لە کاتی ئامادەبوون و ڕۆشتنی خوێندکاران لە ڕۆژانی ڕاهێنانی مەیدانی و چەندێتی و چۆنێتی بەڕێوەچوونی کار و چالاکییەکانیان لە دامەزراوەکەدا.

.23.1

خشتەی ژمارە (23)

ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە لەلایەن سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 10 | 18.9 |
| هەندێکجار | 20 | 37.7 |
| نەخێر | 23 | 43.4 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (23)ەو دەردەکەوێت کە ڕێژەی (% 43.4)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە کە (سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە کۆبوونەوەی بە خوێندکاران نەکردووە بۆ تاووتوێکردنی کاروباری ڕاهێنانی مەیدانی). وە ڕێژەی (% 37.7)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە (هەندێکجار) سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە ئەو کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، لەبەرامبەردا ڕێژەی (% 18.9)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە کۆبوونەوەی بە خوێندکاران کردووە بۆ تاووتوێکردنی کاروباری ڕاهێنانی مەیدانی. ئەو کۆبوونەوانەی کە سەرپەرشتیاری دامەزراوە ئەنجامی دەدات لەگەڵ خوێندکاران بۆ پێدانی زانیاری چەندێتی و چۆنێتییە دەربارەی دامەزراوەکە و چۆنێتی کارکردنی پیشەگەرانی بوارە مرۆییەکان لە دامەزراوەکەدا لەگەڵ داڕشتنی نەخشەی کارکردن و بەڕێوەبردنی ڕاهێنانی مەیدانی لە ماوەی ڕاهێنانی مەیدانیدا.

.24.1

خشتەی ژمارە (24)

ڕەخساندنی هەل بۆ نموونەی توێژینەوەکە لەلایەن سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 08 | 15.1 |
| تاڕادەیەك | 29 | 54.7 |
| نەخێر | 16 | 30.2 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (24)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (% 54.7) ئاماژەیانداوە کە (سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە تاڕادەیەک هەلی دەرەخساند بۆیان تا هەڵسن بە ئەنجامدانی کاری پیشەیی لەناو دامەزراوەکە)، وە ڕێژەی (% 15.1) ئاماژەیانداوە کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە هەلی دەرەخساند بۆیان تا هەڵسن بە ئەنجامدانی کاری پیشەیی لەناو دامەزراوەکە، لە بەرامبەردا ڕێژەی (% 30.2) ئاماژەیانداوە کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە هەلی نەدەرەخساند بۆیان تا هەڵسن بە ئەنجامدانی کاری پیشەیی لەناو دامەزراوەکە. ڕەخساندنی هەل لەلایەن سەرپەرشتیاری دامەزراوەکەوە واتە ئاسانکاریکردن و هەماهەنگیکردن و بەشدارپێکردنی

خوێندکاران لەلایەن سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە لە بەڕێوەچوونی کردارەکانی ڕاهێنانی مەیدانی و ئەنجامدانی چالاکییەکانیان لە دامەزراوەکەدا لەماوەی ڕاهێنانی مەیدانیدا.

.25.1

خشتەی ژمارە (25)

ئاڕاستکردنی نموونەی توێژینەوەکە لەلایەن سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 19 | 35.8 |
| تاڕادەیەك | 29 | 54.7 |
| نەخێر | 05 | 9.4 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (25)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (54.7%) ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە تاڕادەیەك ڕێنمایی ئاڕاستەیاندەکرد دەربارەی چۆنێتی پیادەکردنی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی، وە ڕێژەی (% 35.8) ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە ڕێنمایی ئاڕاستەیاندەکرد دەربارەی چۆنێتی پیادەکردنی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی، لە بەرامبەردا ڕێژەی (% 9.4) ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە ڕێنمایی ئاڕاستەیاننەدەکرد دەربارەی چۆنێتی پیادەکردنی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی. ڕێنمایی سەرپەرشتیاری دامەزراوە بریتییە لەپێدانی بەرچاو ڕوونی بە خوێندکارانی ڕاهێنانی مەیدانی و ئاشناکردنیان بە چەندێتی و چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکانی ڕاهێنانی مەیدانی لە دامەزراوەکەدا بە پێی سرووشتی دامەزراوەکە.

.26.1

خشتەی ژمارە (26)

ئەنجامدانی کۆبوونەوە بە نموونەی توێژینەوەکە لەلایەن سەرپەرشتیاری بەش دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 20 | 37.7 |
| هەندێکجار | 15 | 28.3 |
| نەخێر | 18 | 34 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (26)ەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی (% 37.7)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری بەش کۆبوونەوەی ئەنجامداوە لەگەڵیان بۆ مەبەستی ئاشنابوونیان بە دامەزراوەکە، وەڕێژەی (% 28.3)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری بەش هەندێکجار کۆبوونەوەی

ئەنجامداوە لەگەڵیان بۆ مەبەستی ئاشنابوونیان بە دامەزراوەكە، لەبەرامبەردا ڕێژەی (% 34)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە ئاماژەیانداوە بەوەی كە سەرپەرشتیاری بەش كۆبوونەوەی ئەنجامنەداوە لەگەڵیان بۆ مەبەستی ئاشنابوونیان بە دامەزراوەكە. سەرپەرشتیاری ئەكادیمی بەش لەسەرەتادا پێش دەستپێكردن و لەكاتی بەڕێوەچوونی ڕاهێنانی مەیدانیدا كۆبوونەوە بۆ خوێندكاران ئەنجامدەدات بۆ پێدانی زانیاری و بەرچاوڕوونی و پلانی جێبەجێكردنی ڕاهێنانی مەیدانی لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە لەگەڵ وەرگرتنی ڕا و بیروبۆچوون و پێشنیاری خوێندكاران و كێشەكانیان لە ڕاهێنانی مەیدانیدا.

.27.1

خشتەی ژمارە (27)

سەردانكردنی نموونەی توێژینەوەكە لە دامەزراوەكەدا لە لایەن سەرپەرشتیاری بەش دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 27 | 50.9 |
| هەندێكجار | 12 | 22.6 |
| نەخێر | 14 | 26.4 |
| كۆ | 53 | 100 |

خشتەی ژمارە (27) ئاماژە دەدات بە (سەردانكردنی ننموونەی توێژینەوەكە لەلایەن سەرپەرشتیاری بەش لە دامەزراوەكەدا)، وەك دەردەكەوێت كە زۆرترینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە بە ڕێژەی (% 50.9) ئاماژەیانداوە بەوەی كە سەرپەرشتیاری بەش سەردانیكردوون لە دامەزراوەكەدا، وە ڕێژەی (% 22.6) ئاماژەیانداوە بەوەی كە سەرپەرشتیاری بەش هەندێكجار سەردانیكردوون لە دامەزراوەكەدا، لەبەرامبەردا ڕێژەی (% 26.4) ئاماژەیانداوە بەوەی كە سەرپەرشتیاری بەش سەردانی نەكردوون لە دامەزراوەكەدا. سەردانیكردنی خوێندكاران لەلایەن سەرپەرشتیاری ئەكادیمی بەشەوە ڕۆژانی ڕاهێنانی مەیدانی ئەنجامدەدرێت لەكاتی بەڕێوەچوونی ڕاهێنانی مەیدانیدا لە دامەزراوەكە.

.28.1

خشتەی ژمارە (28)

بەدواداچوونی بەردەوامی نموونەی توێژینەوەكە لە دامەزراوەكەدا لە لایەن سەرپەرشتیاری بەش دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 35 | 66 |
| تاڕادەیەك | 01 | 1.9 |
| نەخێر | 17 | 32.1 |
| كۆ | 53 | 100 |

خشتەی ژمارە (28)ئاماژە دەدات بە (بەدواداچوونی بەردەوامی نموونەی توێژینەوەكە لە دامەزراوەكەدا لە لایەن سەرپەرشتیاری بەش)، وەك دەردەكەوێت كە زۆرترینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە بە ڕێژەی (% 66)

ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری بەش ئەو بەدواداچوونەی ئەنجامداوە، وە ڕێژەی (% 1.9) ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری بەش تارادەیەک ئەو بەدواداچوونەی ئەنجامداوە، لەبەرامبەردا ڕێژەی (% 32.1) ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری بەش ئەو بەدواداچوونەی ئەنجامنەداوە. بەدواداچوونی بەردەوامی سەرپەرشتیاری ئەکادیمی بەش لە دامەزراوەکەدا بۆ ئاگاداربوونە لە چەندێتی و چۆنێتی بەرێوەچوونی ڕاهێنانی مەیدانییە لەگەڵ پابەندبوون و ئامادەبوون و جێبەجێکردنی کردارەکانی ڕاهێنانی مەیدانی لەلایەن خوێندکارانەوە لە دامەزراوەکەدا لەماوەی ڕاهێنانی مەیدانیدا.

.29.1

خشتەی ژمارە (29)

گرێدانی لایەنی تیۆری بە لایەنی مەیدانی لەلایەن سەرپەرشتیاری بەش دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 13 | 24.5 |
| تاڕادەیەك | 24 | 45.3 |
| نەخێر | 16 | 30.2 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (29)ەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی (% 45.3)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە کە سەرپەرشتیاری بەش تاڕادەیەك لایەنی تیۆری گرێدەدا بە لایەنی مەیدانییەوە لە ڕاهێنانی مەیدانیدا، وە ڕێژەی ( 24.5 %)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە کە سەرپەرشتیاری بەش لایەنی تیۆری گرێدەدا بە لایەنی مەیدانییەوە لە ڕاهێنانی مەیدانیدا، لە بەرامبەردا ڕێژەی (% 30.2)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە کە سەرپەرشتیاری بەش لایەنی تیۆری گرێنەدەدا بە لایەنی مەیدانییەوە لە ڕاهێنانی مەیدانیدا. گرێدانی لایەنی تیۆری بە لایەنی مەیدانییەوە لە ڕاهێنانی مەیدانیدا واتە بەرجەستەکردنی زانیارییە تیۆرییەکانی هۆڵی خوێندن لە کردار و چالاکییەکانی ڕاهێنانی مەیدانیدا، کە ئەوەش خۆیدەبینێتەوە لە داڕشتنی پلان و بەرنامەکانی جێبەجێکردنیدا.

.30.1

خشتەی ژمارە (30)

هاریکاری لەنێوان سەرپەرشتیاری بەش و سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 30 | 56.6 |
| تاڕادەیەك | 16 | 30.2 |
| نەخێر | 07 | 13.2 |
| کۆ | 53 | 100 |

لەخشتەی ژمارە (30)ەوە دەردەکەوێت کە زۆرترینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (% 56.6) ئاماژەیانداوە کە هاریکاری هەبووە لە نێوان سەرپەرشتیاری بەش و سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە، وە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (% 30.2) ئاماژەیانداوە کە تاڕادەیەک هاریکاری هەبووە لە نێوان سەرپەرشتیاری بەش و سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە، لەبەرامبەردا ڕێژەی (% 13.2)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە هاریکاری نەبووە لە نێوان سەرپەرشتیاری بەش و سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە. مەبەست لە هاریکاریکردن لە نێوان سەرپەرشتیاری بەش و سەرپەرشتیاری دامەزراوە بریتییە لە بەدەمەوەچوون و ئاسانکاریکردن و هەماهەنگیکردن و بەشداریکردن و بەدوادوچوونی هەریەک لە سەرپەرشتیاری بەش و سەرپەرشتیاری دامەزراوە لە داڕشتنی پلانی بەرنامەکانی کارکردن و بەڕێوەچوونی کردار و چالاکییەکانی خوێندکاران لە ڕاهێنانی مەیدانیدا.

.31.1

خشتەی ژمارە (31)

کاریگەری زۆری ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە لە دامەزراوەکەدا لەسەر پرۆسەی ڕاهێنانی مەیدانی دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 29 | 54.7 |
| نەخێر | 24 | 45.3 |
| کۆ | 53 | 100 |

خشتەی ژمارە (31) ئاماژە دەدات بە (کاریگەری زۆری ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر پرۆسەی ڕاهێنانی مەیدانی لە دامەزراوەکەدا)، وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە زۆرترینی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (% 54.7) ئاماژەیانداوە بەوەی کە زۆری ژمارەی خوێندکارانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە کاریگەری هەبووە لەسەر پرۆسەی ڕاهێنانی مەیدانی، لە بەرامبەردا ڕێژەی (% 45.3) ئاماژەیانداوە بەوەی کە زۆری ژمارەی خوێندکارانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە کاریگەری نەبووە لەسەر پرۆسەی ڕاهێنانی مەیدانی. زۆری ژمارەی خوێندکارانی گروپێک بەیەکەوە لە دامەزراوەیەکدا لە ڕاهێنانی مەیدانیدا کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر کردارەکانی جێبەجێکردن بەپێی پلانی کارکردن، بەجۆرێک هەتا ژمارەی خوێندکاران زۆرتر بێت ئەوا هەل کەمتر دەڕەخسێت بۆ هەر خوێندکارێک تا کار و چالاکییەکانی ئەنجامبدات و سوودمەند بێ لە سەرجەم ئەو بەرنامەو چالاکییانەی کە پێویستە ئەنجامبدرێت لە کاتی ڕاهێنانی مەیدانی لە دامەزراوەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکردنی خوێندکارەکان بەسەر دامەزراوەکاندا وەستاوەتەسەر ڕەزامەندی بەشداریکردنی دامەزراوەکە لە ڕاهێنانی مەیدانی و گونجاندنی لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونی خوێندکاراندا، وە هەندێجاریش وەستاوەتە سەر بوون و نەبوونی کارمەندی پیشەگەری بوارە مرۆییەکان لە هەندێ دامەزراوە لە کاتی ڕاهێنانی مەیدانیدا وادەکات کە نەتوانرێت خوێندکار ڕاهێنانی مەیدانی تیا ئەنجامبدات.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

.32.1

خشتەی ژمارە (32)

گرنگیدان بە کێشەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەلایەن سەرپەرشتیاری بەش لە ڕاهێنانی مەیدانی دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | دووبارە بووەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 18 | 34 |
| تاڕادەیەك | 23 | 43.4 |
| نەخێر | 12 | 22.6 |
| کۆ | 53 | 100 |

خشتەی ژمارە (32) ئاماژە دەدات بە (گرنگیدانی سەرپەرشتیاری بەش بە کێشەکانی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕاهێنانی مەیدانی)، وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی (% 43.4)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری بەش تاڕادەیەك گرنگیدەدا بە کێشەکانیان لە ڕاهێنانی مەیدانی بەمەبەستی چارەسەرکردنی، وە ڕێژەی (% 34)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری بەش گرنگیدەدا بە کێشەکانیان لە ڕاهێنانی مەیدانی بەمەبەستی چارەسەرکردنی، لە بەرامبەردا ڕێژەی (% 22.6)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە سەرپەرشتیاری بەش گرنگینەدەدا بە کێشەکانیان لە ڕاهێنانی مەیدانی بەمەبەستی چارەسەرکردنی. خوێندکاران لە ڕاهێنانی مەیدانیدا هەندێجار کێشە و ئاستەنگیان دێتە ڕێ، بۆ نموونە: نەگونجانی شوێنی نیشتەجێبوون لەگەڵ شوێنی دامەزراوەکەدا بە هۆی دوورییەوە، یان ئاسانکارینەکردن و هەماهەنگینەکردنی سەرپەرشتیاری دامەزراوە یان دامەزراوەکە وەکو پێویست لە هەندێ بارودۆخدا لە کاتی ڕاهێنانی مەیدانیدا. گرنگیدان و هەوڵدان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەش لەلایەن سەرپەرشتیاری بەش بەگشتی وەستاوەتەسەر سەرپەرشتیاری دامەزراوە و ئەو دامەزراوەیەی کە ڕاهێنانەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، وە لەهەمانکاتدا ئاسانکاریکردن و هەماهەنگیکردنی سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە و دامەزراوەکەش واستاوەتە سەر فاراهەمبوونی توانای ئەکادیمی و دامەزراوەیی کارمەندانی دامەزراوەکە و دامەزراوەکە بەگشتی.

## دووەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکان:

1. تێڕوانینی نموونەی توێژینەوەکە بەگشتی بۆ ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی:

خشتەی ژمارە (33)

ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی و لادانی پێوەری و نرخی تای هەژمارکراوو خشتەیی نموونەی توێژینەوەکە بۆ فۆڕمەکە

| ژمارەی نموونەکە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | نرخی تا | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی |
| 53 | 2.0383 | 0.26596 | 2.0723 | 0.25695 | 1.048 | 1.684 |

بەپێی ئەنجامەکانی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ فۆڕمی ئیستبانەکە (ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی)، ناوەندی ژمێرەیی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (2.0383) بە لادانی پێوەری (0.26596) پلە کە بچوکترە لە ناوەندی گریمانەییەکەی کە بریتییە لە (2.0723) بە لادانی پێوەری (0.25695) پلە، وە هاوکێشەی ئاماری تا بۆ یەك نموونە نرخەکەی بریتیە لە (1.048) و بچووکترە لە نرخی خشتەییەکەی کە بریتییە لە (1.684) واتە جیاوازی مەعنەوی نییە لەڕووی ئامارییەوە لای نموونەی توێژینەوەکە بۆ ئامڕازی توێژینەوەکە (فۆڕمی کۆکردنەوەی زانیاری - ئیستبانە)، ئەوەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە تێڕوانینی خوێندکاران دەربارەی ڕاهێنانی مەیدانی نەرێنییە، وەک لە خشتەی ژمارە (33) ڕوونکراوەتەوە.

هەرچەندە ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتوو جیاوازییەکی زۆری نییە لە گەڵ ناوەندی گریمانەییەکەی بەڵام لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتوو ڕێژەکەی کەمترە، وە بەپێی شیکردنەوەی ئەم ئەنجامە، ڕاهێنانی مەیدانی خوێندکاران لە ئاستی پێویست و خوازراودا نییە، بەجۆرێ لە ئەنجامە ئامارییە دەرهێنراوەکانی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکەوە کە پێشتر ڕوونکرایەوە دەردەکەوێت:

سەبارەت بە کارکردنی خوێندکاران لەسەر کەیس لەو دامەزراوانەی کە ڕاهێنانی مەیدانییان تیادا ئەنجامداوە، زۆرترین ڕێژەی خوێندکاران ئاماژەیانداوە کە کاریان لەسەر کەیس نەکردووە.

ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست سەبارەت بە چۆنێتی فێربوون بۆ کارکردن لەسەر کێشەو ڕۆڵی ڕاهێنانی مەیدانی لە گەشەپێدانی توانستی پیشەیی و هاوکات ڕۆڵی ڕاهێنانی مەیدانی لەبەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی پیشەیی لەئاست پێویستدا نەبووە.

سەبارەت بە ڕۆڵی ڕاهێنانی مەیدانی لەئامادەکردنی خوێندکاران بۆ پیادەکردنی پیشەیی و ڕەخساندنی هەل بۆ خوێندکاران کە کار بکەن بەتیم لە ئاست پێویستدا نەبووە، وەتاڕادەیەك خوێندکاران سوودیان لە بابەتەکانی خوێندن وەرگرتووە بۆ بەکارهێنانی لە ڕاهێنانی مەیدانیدا.

لە ئەنجامەکاندا دەرکەوت کە خوێندکاران هەلی پێویستیان بۆ نەڕەخساوە لە ئامادەبوونیان لە چاوپێکەوتنە پیشەییەکانی نێوان پیادەکاری پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی و سوودمەند.

سەبارەت بە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە:

وە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە بەپێی پێویست بەدواداچوونی نەکردووە بۆ خوێندکاران. هاوکات سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە کۆبوونەوەی پێویستی ئەنجامنەداوە بۆ تاووتوێکردنی کاروباری ڕاهێنانی مەیدانی.

هەروەها نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەکەی کە سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە هەلی پێویستی نەرەخساندووە بۆ خوێندکاران تا کاری پیشەیی ئەنجام بدەن لەناو دامەزراوەکە، وە بەپێی پێویست کۆبوونەوەیئەنجامنەداوە لەگەڵ خوێندکاران بۆ مەبەستی ئاشنا بوونیان بە دامەزراوەکە و ڕێنمایی خوێندکاران بەپێی پێویست نەکراوە لەلایەن سەرپەرشتیاری دامەزراوەکە بۆ چۆنێتی پیادەکردنی پیشەیی کاری کۆمەڵایەتی.

سەبارەت بە سەرپەرشتیاری ئەکادیمی (بەشی کاری کۆمەڵایەتی):

نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیانداوە بەوەی کە تاڕادەیەك سەرپەرشتیاری ئەکادیمی لایەنی تیۆری گرێدەدا بە لایەنی مەیدانییەوە لە ڕاهێنانی مەیدانیدا و زۆری ژمارەی خوێندکاران لە دامەزراوەکان کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر پرۆسەی ڕاهێنانی مەیدانی، وە لە ئەنجامەکانەوە دەرکەوت کە سەرپەرشتیاری ئەکادیمی بەپێی پێویست گرنگی نەداوە بەزانینی کێشەکانی خوێندکاران لە ڕاهێنانی مەیدانیدا.

2. زانینی دەلالەتی جیاوازی ئاماری ڕەوشــی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی لە تێڕوانینی خوێندکارانەوە بەپێی (ڕەگەز) ، (تەمەن):

1.2. ڕەگەز:

خشتەی ژمارە (34)

ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی و لادانی پێوەری و نرخی تای هەژمارکراووخشتەیی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارەی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | نرخی تا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی |
| نێر | 9 | 2.1143 | 0.35571 | 2.1675 | 0.315006 | 0.940 | 1.684 |
| مێ | 44 | 2.0227 | 0.24606 | 2.0520 | 0.23998 | | |
| کۆ | 53 | 1.8302 | 0.37906 | 1.9072 | 0. 29164 | | |

بەپێی ئەنجامەکانی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ فۆڕمی ئیستبانەکە (ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی)، ناوەندی ژمێرەیی لە ڕەگەزی نێر کە ژمارەیان بریتی بوو لە (9) خوێندکار بریتیی بوو لە (2.1143) و بەلادانی پێوەری (0.35571) پلە کە بچوکترە لە ناوەندی گریمانەییەکەی کە بریتییە لە (2.1675) و بەلادانی پێوەری (0.315006) پلە، وە ناوەندی ژمێرەیی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ فۆڕمی ئیستبانە (ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی) لە ڕەگەزی مێ کە ژمارەیان بریتی بوو لە (44) خوێندکار بریتیی بوو لە (2.0227) و لادانی پێوەری (0.24606) پلە کە بچوکترە لە ناوەندی گریمانەییەکەی کە بریتییە لە (2.0520) و بەلادانی پێوەری (0.23998) پلە، لەم ئەم ئەنجامەوە دەردەکەوێت کە هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر نییە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێژەی ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتوو کەمترە لە ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی واتە ئاستی هەریەک لە خوێندکاران لە ڕەگەزی مێ و لە ڕەگەزی نێر لە ئاستی پێویستدا نییە. وە ئەنجامی هاوکێشەی

ئاماری تا بۆ دوونموونە نرخەکەی بریتیە لە (0.940) کە بچوکترە لە نرخە خشتەییەکەی کە بریتییە لە (1.684)، ئەوەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە جیاوازی مەعنەوی نییە لەڕووی ئامارییەوە لای نموونەی توێژینەوەکە بۆ ئامڕازی توێژینەوەکە (فۆڕمی کۆکردنەوەی زانیاری - ئیستبانە) بەپێی ڕەگەز، وەک لە خشتەی ژمارە (34) ڕوونکراوەتەوە.

وە بەپێی شیکردنەوەی ئەم ئەنجامە، جیاوازی نییە لەنێوان خوێندکارانی نێر و مێ لە ئاست و تێڕوانینیان دەربارەی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی، وە ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی لە ئاستی پێویستدا نییە بەپێی ڕەگەز.

2.2. تەمەن:

خشتەی ژمارە (35)

ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی و لادانی پێوەری و نرخی فای هەژمارکراووخشتەیی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی تەمەن

| تەمەن | ژمارەی نموونەکە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | نرخی فا: هەژمارکراو | نرخی فا: خشتەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە 22 ساڵ | 3 | 2.0571 | 0.27255 | 2.0812 | 0.23226 | 0.122 | 3.23 |
| 22-24ساڵ | 41 | 2.0286 | 0.27022 | 2.0637 | 0.25877 | | |
| 25ساڵ زیاتر | 9 | 2.0762 | 0.27180 | 2.1078 | 0.26637 | | |
| کۆ | 53 | 2.1132 | 0 .46659 | 2.2143 | 0.47322 | | |

بەپێی ئەنجامەکانی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ فۆڕمی ئیستبانەکە (ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتی)، ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە کە تەمەنیان بریتی بوو لە (کەمتر لە 22 ساڵ) و ژمارەیان بریتی بوو لە (3) خوێندکار ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتووی وەڵامەکانیان بریتییە لە (2.0571) و بە لادانی پێوەری (0.27255) پلە و بچوکترە لە ناوەندە گریمانەییەکەی کە بریتیە لە (2.0812) و بەلادانی پێوەری (0.23226). ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە کە تەمەنیان بریتی بوو لە (22-24 ساڵ) و ژمارەیان بریتی بوو لە (41) خوێندکارناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتووی وەڵامەکانیان بریتییە لە (2.0286) و بە لادانی پێوەری (0.27022) پلە بچوکترە لە ناوەندە گریمانەییەکەی کە بریتییە لە (2.0637) و بە لادانی پێوەری (0.25877) پلە. ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە کە تەمەنیان بریتی بوو لە (25 ساڵ زیاتر) و ژمارەیان بریتی بوو لە (9) خوێندکار ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتووی وەڵامەکانیان بریتییە لە (2.0762) و بە لادانی پێوەری (0.27180) پلە بچوکترە لە ناوەندە گریمانەییەکەی کە بریتییە لە (2.1078) و بە لادانی پێوەری (0.26637) پلە، ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لە سەرجەم تەمەنە جیاوازەکاندا لە ئاست پێویستدا نییە. وە نرخی فای دەرهێنراو بریتی بوو لە (0.122) و کەمتر بوو لە نرخە خشتەییەکەی کە بریتییە لە (3.23) بە پلەی سەربەستی (2.50)، ئەوەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی مەعنەوی ئاماری وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی تەمەن دەربارەی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی نموونەی توێژینەوەکە. وەک لە خشتەی ژمارە (35) ڕوونکراوەتەوە.

وە بەپێی شیکردنەوەی ئەم ئەنجامە، جیاوازی نییە لە ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی لە نێوان ئەندامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە هەموو تەمەنەکانەوە، وە بەگشتی لە ئاستی پێویستدا نییە بە پێی تەمەن.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## سێیەم: دەرئەنجامی توێژینەوەکە: لە ئەنجامەکانەوە دەرکەوت کە:

1. ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی لە ئاستی پێویستدا نییە: بەپێی تێڕوانینی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی (نموونەی توێژینەوەکە) ئاستی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی لە ئاست پێویست و خوازراودا نییە، وە پێویستە کە ڕاهێنانی مەیدانی گرنگی زیاتری پێبدرێت، لەبەرئەوەی کە ڕاهێنانی مەیدانی بنەمایەکی بنەڕەتییە و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە ئامادەکردنی خوێندکاران لە ڕووی زانستی و هونەری و پیشەییەوە لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی.

2. ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی خوێندکارانی کاری کۆمەڵایەتی لە ئاستی پێویستدا نییە و جیاوازی نییە لە نێوان خوێندکاراندا بە پێی جیاوازی ڕەگەز و تەمەن: تێڕوانینی خوێندکاران سەبارەت بە ئاستی ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی لەکاری کۆمەڵایەتی لە ئاست پێویست و خوازراودا نییە و جیاوازی نییە لە تێڕوانینی ئەندامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز) و (تەمەن)، واتە هەردوو ڕەگەز و لەهەموو تەمەنە جیاوازەکان وەکویەك ئاماژەیانداوە بەوەی کە ڕەوشی ڕاهێنانی مەیدانی لە ئاست پێویستدا نییە و پێویستە هەوڵبدرێت ئاستی بەرز بکرێتەوە.

## چوارەم: ڕاسپاردەی توێژینەوەکە:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، گرنگ و پێویستە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان لەڕێی بەشەکانی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆکانەوە کاربکات بۆ:

1. بەفەرمی جێگیرکردنی هاوکاری و هەماهەنگی زانستی - ئەکادیمی لەنێوان بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆ لەگەڵ دامەزراوە و ڕێکخراوە حکومی وتایبەتییەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆ زیاتر پاڵپشتیکردن و بەرەوپێشبردنی بەدەمەوەچوونی ڕاهێنانی مەیدانی.

2. بەفەرمی ئاسانکاریکردنی هاوکاری و هەماهەنگیکردنی زانستی - ئەکادیمی لەنێوان سەرپەرشتیاری ئەکادیمی زانکۆ و سەرپەرشتیاری دامەزراوە و ڕێکخراوە حکومی و تایبەتەکان، بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری بۆ بەرەوپێشبردنی زانستی و پیشەیی.

3. دروستکردنی ڕێبەرییەك کە تیایدا ژمارەی خوێندکار و شێواز و ماوە و کاتی ئەنجامدانی ڕاهێنانی مەیدانی تیادا بگونجێنرێت بەپێی دامەزراوە و ڕێکخراوە میری و تایبەتەکان.

## پێنجەم: پێشنیاری توێژینەوەکە:

لەبەرئەوەی کە ڕاهێنانی مەیدانی بابەتێکی سەرەکی و پێویست و گرنگە لە ئامادەکردنی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بۆ پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتی، وە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کەلەم توێژینەوەیەوە دەستمانکەوت، بە پێویست و گرنگی دەزانین کە توێژینەوەی زیاتر و وردتر وەکو پاڵپشت و تەواوکەر ئەنجامبدرێت دەربارەی ڕاهێنانی مەیدانی لە کاری کۆمەڵایەتیدا وەك:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی تاقیکاری دەربارەی ڕاهێنانی مەیدانی لە پیادەکردنی کاری کۆمەڵایەتیدا.
2. ئەنجامدانی توێژینەوە تاقیکاری دەربارەی ڕۆڵی کارکردن لەسەر کەیس لە ڕاهێنانی مەیدانی کاری کۆمەڵایەتیدا.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## سەرچاوە

1. د. احمد ذكى بدوي، معجم مصطلحات العلوم الإجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت، 1978.

2. د. احمد مصطفى محمد خاطر، استخدام المنهج العلمي فى بحوث الخدمة الإجتماعية العلاقة التلازمية فى التطور المناهج نماذج و نظريات الممارسة، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، 2007.

3. د. السيد عبدالحميد العطيه، التحليل الاحصائي وتطبيقاته في الدراسات الخدمة الإجتماعية، المكتب الحامعي الحديث، الاسكندرية، 2011.

4. د. عبالغنى عماد، منهجيه البحث في علم الإجتماع الاشكاليات، التقنيات، المقاربات، دار الطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، بيروت، 2007.

5. د. عبدالعزيز عبدالله الدخيل، معجم مصطلحات الخدمة الإجتماعية و العلوم الإجتماعية، دار المناهج للنشر و التوزيع، الطبعة الأولى، عمان، الأردن، 2006.

6. Catherine McDonald, Challenging Social Work-The institutional context of practice, First Published, PALGRAVE MACMILLAN, China, 2006.

7. H. Frederick Sweitzer and Marry A. King, The Successful Internship, Third Edition, Brooks/Cole & Cengage Learning, U.S.A, 2009.

8. John C. Boylan & Judith Scott, Practicum Internship, Fourth Edition, Taylor & Francis Group, New York, 2009.

9. Joseph F. Healy, Statistics-A Tool for Social Research, Eighth Edition, Cengage Learning, U.S.A, 2009.

10. Karen K. Kirst-Ashman, Introduction to Social Work & Social Welfare, Third Edition, Brooks/Cole & Cengage Learning, U.S.A, 2010.

11. Macmillan Reference, Encyclopedia of Education, Second Edition, U.S.A, 2003.

12. Marianne Ehrlich Green, Internship Success: Real-World, Step by Step Advice on Getting the most Out of Internships, NTC Contemporary, U.S.A, 1997.

13. Mark Lymbery & Karen Postle, Social Work: A Companion to Learning, First Published, SAGE Publications Ltd, London, U.K, 2007.

14. Reality, Cambridge Dictionary, Third Edition, Cambridge University Press, Version 3.0, U.K, 2008.